کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

30-10-2007 21:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**عەشقی ئیلاهی ... بەکر حەبیب**

خانمەکەم پارچەی شووشەی هەڵوەریوی ئەم جەستەیەم کۆکەرەوە
سەرتاسەری غەمی دڵم لە کەشکۆڵی ئەم حەزەدا بکەرەوە
شەوی تاری شاری غەمناکی ئەوینم بە ماچی ڕووت بکە بەرۆژ
شاکاری ئەم بەیتە شیعرەم جێمەهێڵە بێ هەست و گۆش
پێیان ووتم تۆ عاشقی ئافرەتێکی، باڵای وەک شاخ سەوز و بەرزی
تۆ گیراوی تەلیسمێکی توندی نێوان هەور و ئەرزی
تۆ وەک یەکێ بەدەم خەوی ناو پێخەفی نیوە شەوێ
هاوار و لرفە و گریانت ڕاچڵەکینی توندی دەوێ
پێیان ووتم ئەوینی تۆ ئەوینێکی بێ پەرستیار و بێ مافە
وەک مێروولە خۆشەویستیت هەڵچوون بەگژ قولەی قافە
تۆ عەشقی کیژۆڵەیەکی لە بن هەور و دوور لەچاوان
وەک شازادە وێڵی بە دوای، قارون و گەنجی سلێمان
ووتیان زمانی ئەم عەشقەت دەبێ پاراو بێ بەژەهر
باسکت خەملاوی ئازار و سوتاو بێ بەگڕی ئاگر
ئەو خانمەی دڵت لانەی لەتەکدا بارگەی هەڵداوە
خاوەنەکەی بە هەزاران پاسەوانی بۆ داناوە
دەبێ تاماوی هاودەمی غەم و ئازار و گریان بی
بێ نەوا، گەریدەی شەوان، هاورێ ی ئەسرین و هاواربی
تۆ لە سەر نەخشەی ئەم ژینە عینوانی دڵدارت نییە
خۆشەویستیت پێوانەیە، عەشقی گەورەی ئیلاهییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.